www.kurdistannet.org
16-6-2007 13:47بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەم شەو هاتم ... مستەفا ڕحمد سعيد

ئـەم شـەو هاتم،
تۆ لـە کوێ بووی؟
چرای عەشقت داگیرسێنم،
کێڵگەی خەمی خەونەکانت ببینم.
ئـەم شـەو هاتم،
تۆ لـەکوێ بووی؟
زەردەخەنەی تەریوی لێوەکانت،
بە دوو لێوی بزێوم بجوڵێنم
ئـەم شـەو هاتم،
هاتم، ... . هاتم..
بەناو ئەو کلتورە شەرمنەدا، هاتم،
پەپولەی حەزەکانت هەڵفڕێنم
ئـەم شـەو وەرە. !
ژمارەو ووشە سەرنج ڕاکێشەکانی لۆ، لۆ، و
پاسووۆردی خەم و، خەون و، ڕوحم
لەگەڵ هەناسەی قوڵت بۆم بێنە.
ئـەم شـەو وەرە.. !
دەنگی بەسۆزی مەزهەرم بۆ بێنە،
دەست خۆشی و گوڵی سوورت بۆ دەنێرم.
هەناسەکەم،
ئەگەر هاتی لەوی نەبووم،
دڵگیر مەبە، زۆر نزیکم
هەرچیم هەیە بەیەك کلیك بۆت دەنێرم.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.